سالّەح قەیتولی.... .... .... سوید

بۆ خوێنەرانی كوردوستان نێتی بەرێز
من حەزم كرد خەڵكانی رۆشنبیرو دڵسوزانی خاكو گەلو نیشتمانە بەش كراوەكەمان و دلسۆزانی بە وەفاو بە ئەمەك بە گیانی شەهیدە سەربەرزەكانمان ئاگادار بكەمەوە كە من تا ئێستا كەس ئاگاداری نە خۆم نە كەسوكارمی نەكردۆتەوە بۆ ئەوەی نە لێرە نە لە كوردوستانیش بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بۆ ساتێكیش پەنجەی شایەتی ڕاستە قینە بكەمە چاوی گەورە خوێن مژی گەلەكەمان و دارو داستەو جاشو خۆفرۆش و بە كرێگیراوەكانێوە مەبەست لەم نامەش بۆ ئێوەی بەرێز حەز ئەكەم لە وردوو درشتی ڕاستیەكان بگەن یان هەر خوێنەرێكی نزیكی دەسەڵاتەكان بتوانێت كار ئاسانی بكات چونكە گەیشتنی من بە دادگا بە شێوەیەكی زۆر ڕونو ئاشكرا تاوانی ئەنفال كردنی نەك بەس پیاوی بالغ بەڵكو هازاران منالّی ساواو ئافرەتی دووگیانیشی بێ سەرو شوێن كردوە، ئەمڕۆژانەش هەموتان ئەبیینن سەدامی خوێن ڕێژ و دەستو پێوەندو مەحامیە چڵێسو بە كرێگیراوەكانیان ئەیانەوێ لە قودسیەتو سەروری كەسوكاری سەربەرزی ئەنفال و قوربانیەكانمان كەم بكەنەوەو بە ڕاگەیاندنی چەواشەكاری عەرەبی بگەیەنن كە كارەساتی ئەنفال هاڵبەستەو دورە لە ڕاستیەوە، لە گەڵ ڕێزمدا بۆ ئێوەش بەم نامەش جەنابی سەفیرم ئاگاداركردەوە.
بە ناوی خودای گەورەو مهرەبانەوە
بۆ بەرێز سەفیری سەفارەتی ئێراق لە ستۆكۆڵم
بابەت سكاڵا لە سەر تاوانبار سەدام حسێن
سُەرەتا سلاڵێكی گەرم
من ناوم (سالّەح ئەحمەد جەبار) لە دایك بووی ساڵی1972م خەڵكی گوندی قەیتوول سەر بە ناوچەی قادركەرەم. پێشەكی من گلەیم هەیە لە ئەو لایەنە پەیوەندیدارەی كە مەسوولە لە سەر ئاگاداركردنەوەی كەسو كاری ئەنفال كراوەكانی ساڵی 1988چونكە وەكو پێویست بە هیچ شێوەیەك كەس ئێمەی ئاگادار نەكردۆتەوە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین وەكو شاهێد وەكو خەڵكێكی زوڵم لێكراویش سكاڵا لە سەر سەدام تۆمار بكەینو بگەینە ئەو دادگایەی كە دادگای سەدام ئەكات.
ئێستەش بوار ماوە ئەگەر ئێوە هەوڵی جدی بدەن بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەو زوڵمەی سەدام لێی كردوین بیگەیەنینە دادگا، وە بەڵگەی زۆر ڕونو ئاشكراشم پێیە بە ئاسانی ئەتوانم لە دادگادا تاواناكانی سەدام ئیسپات بكەم، چونكە جگە لەوەی من خۆم لە ناو مەرگەساتی ئەنفال ڕزگار بووم، وە هەموو كارەساتەكەم بە چاوی خۆم بینیوە، لە هەمان كاتدا زۆربەی خزماكانی من ئەوانەی كە ژن و منالّ بوون لە شاری تكریت گیران و ئەو مەسول حزبیەیەی كە خزماكانی منی گرت لە تكریت ئێستاش ماوەو بەلاّم خزمو كەسەكانی منیش تا ئێستا بێ سەرو شوێنن.
من داوا ئەكەم لە ڕێگەی ئێوەو سەفارەتی خارجی سویدەوە هەوڵ بدرێت ناوی منیش بگەیەندرێ بە دادگای تایبەت بە دادگایكردنی سەدام حسین لە سەر تاوانی ئەنفال كراوەكان چونكە جگە لەوەی باپیرم لە تەمەنی 80 ساڵیدە بە دەستی پیاو كوژەكانی سەدام شەهید كرا، لە مانگی چواری 88 یش ((باوكم، سێ مامم، سێ خاڵم، زیاتر لە 28 ئامۆزام كە پێنجیان ئافرەتن و 19 یان منالّن هەمو منالّەكان تەمەنیان لە خواروی 12 سالّەوەیە وە زۆربەیان لە تكریت دەسگیر كران) ) ئەمەش ناوەكانیانە:
1- احمد جبار امین.... .. ئەمە باوكمە لە قادركەرەم خۆی تەسلیم كرد
2-حسن جبار امین.... ... مامم
3-حسین جبار امین.... .. مامم
4-امین جبار امین.... ... مامم

5-جمال جلال جبار امين.... ئەمۆزامە
6-كمال جلال جبار امين.... ئامۆزامە
7-غازى جلال جبار امين... ئامۆزامە
8-ڕێژاو جلال جبار امين... ئامۆزامە. ئەمە ژنە لە گەڵ دوو منالّی بچوكدا لە شاری تكريت گيران. بە دەستە ڕەفيق حزبی (ابو شامل) ئێستە لە تكريت ئەژێ ئەم ئامۆزايەم مێردەكەشی بە ناوی (حسن سعيد) كە خەلكی گوندی (گەڕاويە) ئەويش ئەنفالە بەم ناوانە:
9-حسن سعيد.... مێردی ڕێژاو ئامۆزام
10-ئەڤين حسن سعيد... تەمەن 4 ساڵ.. دايكی ئامۆزامە
11-هيوا حسن سعيد.... تەمەن 2 ساڵ.. دايكی ئامۆزامە
12-ڕەعنە حسن قادر... خێزانی مامام حسن ە كە لە ژمارە دوو ناويم نوسيوە ئەم ئامۆژنەم لە 9 منالەكەيدا بە دەستی ( (ابو شامل) ) لە شاری تكريت گيران
13-پرژين حسن جبار امين.. تەمەن خوارەوەی 13 ساڵ... ئامۆزامە
14-نسرين حسن جبار امين.. ئامۆزامە
15-زائدە حسن جبار امين... ئامۆزامە
16-ناهدە حسن جبار امين
17-جيران حسن جبار امين
18-تەها حسن جبار امين
19-ياسين حسن جبار امين
20-كريم حسن جبار امين
21-منالّيكی تەمەن خواروی يەك ساڵ بوو ناويم بير نەماوە
22-جمين سعيد.. ئەمە خێزانی كمال جلال ئامۆزامە ئەم ئافرەتە حاملە بوو لا گەڵ سێ منالّی بچوكيدا بە داستە ( (ابو شامل لە تكريت) ) دەسگير كران
23-ليمۆ كمال جلال جبار امين.. تەمەن خوار پێنج ساڵ باوكی ئامۆزامە
24-هەڵۆ كمال جلال جبار امين
25-چيا كمال جلال جبار امين
26-لايق حسن قادر.. كچی پورمە دايكی ناوی جهان جبار امين ە لە گەڵ مێردەكەيو دوو منالی بچوكدا گيراون
27-ئەژين سالح فتاح
28-كوردوستان سالح فتاح
29-اسماعيل حسن قادر.. كوڕی پورمە
30-ناسر محمد لاو... خاڵمە
31-سمد محمد لاو.. خاڵمە
32-ياسين محمد لاو.. خاڵمە
33-سابر رشيد امين.. ئامۆزای باوكمە
34-محمد رشيد امين.. ئامۆزای باوكمە
35-احمد رشيد امين.. ئامۆزای باوكمە
36-محمود علی عارف.. ئامۆزای باوكمە
37-ازاد ولی حارف.... .. ئامۆزای باوكمە

38-عوبيد غفور قهرمان.. ئامۆزای باپیرمە

39-محمد غفور قهرمان

40-احمد غفور قهرمان

41-كامل نوری قادر ئامۆزای باپیرمە

42-چیمن احمد حارس پورزای باوكمە لە گەڵ منالێكی یەك ساڵدا لە تكریت بە دەستی ابو شامل دەس گیر كرا

43-هاوڕێ سید كامل

44-فریدون مجید سعید خزممە

گووندی قەیتوول 144 كەسی لێ ئەنفال كراوە هەموی بە كەسو كاری خۆم ئەزانم بەڵام ئەم ناوانەی سەرەوە كە باسم كرد لە خانەوادەو كەسە نزحكەكانی منن.

بەڕیز سەفیری ئێراق ئەوە بە شاهێدی هەموو ڕۆشنبیری گەلەكەمان من وەكو ستەم لێكراوێك جەنابت ئاگادار ئەكەمەوە، بە هیوام جەنابتیش كەم تەرخەمی نەكەی لە گەیاندنی ئەم سكاڵایەی مندا، بە هیوام ئێوە بتوانن هەوڵ بدەن بە زوترین كات ناوی منیش بگەیەنن بە دادگا بۆ ئەوەی بتوانم سكاڵای ئەم هوو خوێنە بە ناهەق ڕژاوە بگەیەنمە دادوەرو هەموو دنیا. ئەگەریش كەس لەم سكاڵایەی منی نەپرسیەوە ئەوە بەسمە كە مێژوو شاهێدی ڕاستیەكانە.

لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆتان چاوەڕوانی وڵامم

تێبینی:

من هاتا 23-10-2006 لێرەم لە 24-10 سەفەر ئەكەمەوە بۆ كوردوستان لە 3-1-2007 ئەگەرێموە سوید.

من دەقی ئەم نامەو سكاڵایەكی تریش بەرز ئەكەمەوە لە ئێراق.